کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-12-2007 21:26

## شارەوانی مەخموور لەنێوان موسڵ وهەولێردا! موحسین شوانی

**مەخموور**

سیمای شار هەرلەسەرەتای بینینی تابلۆی سنووری شارەوانی یەوە بەرچاودەکەوێت، هەرلەوێشەوە جوانی ورازاوەیی وپاك وخاوێنی ودروستی ژینگەدەبینرێت، بەپێچەوانەشەوە دیمەنی ناشیرین وناریێك وپیسی وتەپ وتۆزو خۆڵاوی شار دەردەکەوێت مەخموور ئەوشارەی هەرلەدەروازەی بازارگەوەکاتی لەچیایی قەرەچووغ دەپەریتەوە هەست بەتابلۆی شێواووناریێك وئاسمانێکی بەتۆزوگەچ داپۆشراووشەقامە پچرپچڕوبێقیرتاووبێ داروگوڵ وقوڕولیتەو بی نازی ئەو قەزایەت دەکەوێت، بەتایبەتیش دوای تەقینەوە تیرۆریستییەکەی 2007\5\13سیمای شاروشەقامەکان وخەڵکەکەش بی هیوایی وبێزاری لێدەخوێنرێتەوە، دروستکردنی ئەوهەموو دیوارەنەش بەدەوری فەرمانگەو بەرێوەبەرایەتییەکان وبارەگای حیزب ولایەنەسیاسیەکان خۆی لەخۆیداترس وبی ئومێدێکی تری دروست کردووە، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی مەخمورتوانای چارەسەرکردن وپاك



بەرێوەبەری شارەوانی

وخاوێنی وکەم وکوڕیەکانی نییە، دانیشتوان وئیدارەش بەگوێرەی پێویست هاوکاری ناکەن، بۆزیاتر ئاشنا بوون چاومان کەوت بەئەندازیار (روقیە محمد یالح) بەرێوەبەری شارەوانی مەخموور.

- شارەوانی مەخموور سەربەشارەوانی هەولێرە یاخود موسڵ؟

+ روقیە خان: شارەوانی مەخموور سەربەموسڵە.

- چۆن سەربەموسڵە، لەکاتێکدا بەرێوەبەر وفەرمانبەرو کرێکارەکانیش سەربەهەولێرن!؟

+ روقیە خان: پێش ئەوەی منیش بێم بۆ ئێرە، شارەوانیهەولێر لەگەڵ موسڵ وارێککەوتوون لەدوای روخانی رژێمەوە کە مووچە وخەدرمات لەهەولێر بێت وپلانیش لەموسل بەم شێوەیە ئیشو کارەکانمان ئاسانتر دەکات نبەکورتی بووجە لەهەولێرو پلانیش لەئیدارەی موسل.

-بەرێوەبەرەکانی پێشوو گلەییان زۆر لێدەکرا، ئێستا هەست ناکەیت هەمان گلەیی ئاراستەی تۆ دەکرێتەوە؟

روقیە خان: گلەیی خەڵك تەواونابێت، من بەهەموو توانام خزمەت دەکەم، رەنگە نەتوانین هەموو خەڵك رازی بکەیت.

- تەقینەوە تیرۆریستیەکەی 2007\5\13 چەند کاریگەری کردە سەرئێوە، ئیش وکارەکانتان؟

روقیە خان: کارەساتێکی گەورەبوو!خەڵکێکی زۆرشەهید وبریندارببوون، هەتا کورەکەی خۆمیش یەکی بوو لەوبریندارانە کەماوەیەکی زۆر هەرخەریکی خەستەخانەبووین، زەرەروزیانێکی زۆری گەیاند! وەکو شارەوانیش دوای تەقینەوەکە، خاوێنکردنەوەوپاشماوەی کارەساتەکە کەوتە ئەستۆی شارەوانی، تاکو ئێستا کاردەکەین، کاریگەری هەرماوە، بەردەوام ئامێروکرێکارەکانمان لەخزمەتی پاککردنەوەی ئەوشوێنەن، بەرادەیك شارەکەوناوبازارمان پشت گوی خستووە،

- لەرووی ئامێرو کرێکارەوە چۆنن؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

روقیە خان: ئامێرەکان کۆنن وبەردەوام پێویستیان بەچاکردنەوە هەیە، لەرووی کرێکارەوە زۆرباشین چونکە هەم لەهەولێروهەم لەموسڵ کرێکاری کاتیان بۆ دابینکردووین.

- ئاوەڕۆ مەزراکان زۆربەیان گیراون وئاووچلکاویان پێداناڕوات؟

روقیە خان: لەمەخموورسی مەزرامان هەیە واتە سی فەرع، دووان هەر پشت گوی خرابوون، پێنج شەمەی رابردوولەهەولێرهاتن ئەوەی ناوبازاریان بۆکردینەوە، ماوەتەوە ئەو مەزرایەی پێش شارەوانی زۆر هەوڵمان دا نەکرایەوە!نوسراومان بۆموسڵ کردووە تابێن چونکە بەو پایزە ری لەقوتابیانی قوتابخانەی بازارگە دەگرێت وا وەرزی زستان نزیك بۆتەوە جا ئەو کاتە چۆن هاتووچۆبکەن؟!

- خێرخوازێك بەڵێنی داوە بۆچارەسەرکردنی ئەو ئاوەی پێش قوتابخانەی بازارگە یارمەتیتان بدات، بۆبەیەکەوە هەنگاونانێن بۆنەمانی ئەوکێشەیە؟

روقیە خان: ئەو رۆژە لیژنەیەك لەموسڵ هاتبوون بۆبینینی مزارکان ئەومەزرایە لەپێش بارەگای لقی یەککرتوو گیراوە تاکو پێش شارەوانی ئەوە هەڵکەندنی دەوی ئەگەر خێرخوازێك هەبێت خزمەتی شارەکەی خۆی بکات چیتێدایە کارێکی چاکە.

- مەخموور لەزبڵدانێکی گەورە دەچێت!هۆی چیە، خەڵك گازاندەی لەشارەوانی دەکات؟

روقیە خان: نازانم لەوەتەی هاتوومە مەخموور بەشەوبەرۆژ لەخزمەتی ئەو شارەدابوومە وهەوڵم داوە وئاگام لەکەم وکوریەکانیش هەیە، بەڵام دووسی هۆهەیە، یەکەم:وەك پێشتر ئامازەم پێدا دوای تەقینەوەکەی 5\13زۆربەی ئامێروکرێکارەکانمان لەوی کاردەکەن. دووەم:بەداخەوە خەڵکی ئەو شارە یارمەتی شارەوانی نادەن، من بەخۆم گەراوم وقسەم لەگەڵ ئەو خەڵکە کردووە، بەداخەوە هاوکاری ئێمە ناکەن بۆنموونە پێش ماوەیەك کیسەی گەورەمان بەماڵەکان دا بۆئەوەی زبڵی تێبکەن بەلام رێنماییەکان لەگوی ناگرن، دەچێت پاشماوەکان لەکۆلان وگوفەکەکان فری دەدەت!

سێیەم: شارەوانی بەشۆفەڵ وبەقەلاب پاشماوەکان فری دەدات وپاك دەکاتەوە، دوورۆژ ناخایەنی هەمدیسان پاشماوەوکەل وپەلی لی فرێدەدەنەوە!. نازانم چی بکەین شارەوانی ئوتومبێل بۆکۆلان وگەڕەکەکان دەنێری شوفێرەکان وکرێکارەکان سوێندەخۆن دەڵێن ئێمە لەکۆلان وەستاوین کەچی ئەو خەڵکە پاشماوەکە فرێدەدەنە سەرشەقام وگوفەکەکان، بۆیە ئێوە لەڕی ی خۆتانەوە لەراگەیاندنەوە ئەوخەڵکە ئاگاداربکەنەوە وهۆشیاربکەنەوە کە ئەو شارە شاری خۆیانە باهاوکاری شارەوانی بکەن.

_ ئەو زبڵەی شارەوانی فڕی ی دەدات لەسەر شەقامی سەرەکی لەخوار کورە گەچەکان بۆ؟

روقیە خان:نا، شوێنمان گواستۆتەوە، ئێستا جێگەی تایبەتیمان بۆکردووە، بەڵام هەندی جار ئەو فەوجە عەسکە رییە پاشماوەوزبلەکانیان فری دەدەنە ئەو جێگەیە من لەگەڵ بەرێزقائمقام قسەم کردووە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە.

- ئەوجێگەیە لەکوییە لەشاردوورە؟

روقیە خان: ئێمە مولزەمین دەبی زەوییەك بدۆزینەوە کە زەوی شارەوانی بێت تاکو زبلی لی فری دەین ئێستا ئەو شوێنەی دیاریمان کردووە چوار دۆنمە ولەشاردوورە لەپشت بەنزینخانەی قەرەچووغە.

- خۆتان دەزانن هەبوونی ئەو هەموو کارگە گەچە کارێکی زۆر نیگەتیف دەکاتە سەر ژینگەو وسیمای شاری شێواندووە تا چەند پەیوەندی بەشارەوانییەوە هەیە؟

روقیەخان: پەیوەندی بەشارەوانی یەوە نییە، من بەبەخۆم نوسراوم بۆقائمقامیەت کردووە کە لەودیوی شار کارگەکان بگوازنەوە بۆ ئەودیوی قەرەچووغ چونکە کارێکی زۆر خراپ دەکەنە سەر ژینگەی مەخموور.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:26 5-12-2007

- نەك هەر ژینگە وهەوا پیس دەكات بەلكو ئەو كارگەكەچانە سیمای چیایی قەرەچوغیشیان ناشیرین كردووە هەریەكەو بەهەوەسی خۆی كەوتۆتە بەر داتاشین وتەقاندنەوەی بەردی چیاكە!

روقیە خان: كارگە گەچەكان پەیوەندی بەوەزارەتی ژینگەوقامقامیەت وپارێزگای هەولێرهەیە، بەڵام من نووسراوم بۆقائمقامیەت كردووە چونكە بەراستی لووتكەی شاخەكانیان تێكداوە وناشیرین بووە ئەمە جگە لە پیسی وپیس بوونی هەواو چینگەی شارەكە!

-ئەو ماوەیە كۆڵانێكی زۆر لەمەخموور كۆنكریت كراوە، بوودجەی لەسەر كێە وپاشان خەڵك گلەیی دەكات چونكە بەیەكسانی كۆڵانەكان كۆنكریت نەكراوە؟

روقیە خان:بووجەی ئەو كۆنكریتە هەمووی لەموسڵە، شارەوانی موسڵ زۆر دەعمی مەخموور دەكەن، ساڵی پاریش ئەگەر موتابەعە بكرابایەو ئیشەكە بەجدی بكرابایە ئەو پارەیەمان لەدەست نەدەچوو! ملیارێك وپێنچ سەد ملیۆنمان ڕۆیشت لەبەرئەوەی بەدواداچوونی بەپەلەنەكراوپلانی ساڵی 2006 ئامادەنەكرابوو!ئەوەی ئێستا دەكرێت بەزیرەكی وموتابەعە دەكرێت بەبەدواداچوون وكربوونەوەسەردانی دهۆك وموسڵ دەكرێت.

- زۆرجارگوی بیستی ئەوەبووینە كە ئیدارەی موسڵ یارمەتی مەخموور نادات، نەك هەرئەوش بەلكو دەبێت ڕێگریش لەبەردەم ئەنجامدانی پرۆژەكانی شاری مەخموور.

روقیە خان: باراستیەكت پێبڵێم:ئێستا قائمقام لەژووری خۆی دانیشتووە ئەگەر من نەچم ئەونازانی شارەوانی گیروگرفتەكانی چین، دەبی ئێمە لەپرۆژەوكەم وكوڕی وپێداویستیەكان ئاگاداری بكەینەوە، ئەویش بەرزی بكاتەوە داوابكات لەموسڵ، هەمووی دەگەڕێتەوە سەرزیرەكی وچالاكی وتوانایی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.